## ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

مانچستەرا\ 15جینیوەری2007:

# کۆبوونەوەی پەنابەرانی کورد سەرکەوتوانە کۆتای هات

لەچوارچێوەی چالاکیەیە رۆشنبیری و سیاسی یەکانی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی ،رۆژی 13–14 ئەم مانگە لەشاری مانچستەر ، فیدراسیۆنی پەنابەران لەشاری مانچستەر هەستا بەسازدانی ئێوارەیەکی رۆشنبیری لەگەڵ پەنابەرانی کورد کە نزیك بە 120 پەنابەر و هەڵسوراوی فیدراسیۆن ونۆینەری رێکخراوەکان لەشارە جیا جیاکانی بەریتانیاوە بەشداریان تیا کرد .. لەم کۆبوونەوەیەدا دوومەسەلە درایە بەرباس و لیدوان :

1–**ئایندەی کوردستان لەژێر سایەی راسپاردەکانی(بێکەر–هاملتۆن) باسێك بوو** لەلایەن (خەسرەو سایە) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقەوە پیشکەش کرا.

2– **دوایین ئاڵوگۆرەکان لەسیاسەتی دەوڵەتی بەریتانیا بەرامبەر بە پەنابەرانی کورد** لەلایەن (دەشتی جەمال)بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی، (بورهان فەتاح) بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لەشاری مانچستەر پیشکەش کرا.

ئەم کۆبوونەوەیە لەکاتیکدا بوو کەهەڵمەتی گرتنی پەنابەرانی کورد لەشارەکانی بەریتانیاوە دەستی پێکردبووە کە لەقسەو باسەکاندا تیشك خرایە سەر هەوڵەکانی فیدراسیۆن بۆ بەرپەرچ دانەوە ی دیپۆرتی پەنابەران کە لەمانە پێك هاتبوو:

- هەوڵی جدی بخریتەگەر کە فریای ئەو پەنابەرانە بکەوین کە گیراون ئازاد بکرێن و نەهێلێن دیپۆرت بکرێنەوە.
- فشاری هەمەلایەن بهێنرێت بۆ راگرتنی فەوری سیاسەتی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران وهەلگرتنی مەترسی گەرانەوە ،ئەمەش لەرێگای بەرێخستنی خۆپشاندانی گەورە لەشارەکان دا، بریار درا کە رۆژی 19–1 لەشاری مانچستەر لە دالاس کۆرت شۆینی ئیمزای پەنابەران خۆپشاندان دابنرێ کاتژمێر 12–2 پاش نیوەرۆ.،پیکیت دانان لە ناوەندی شارەکان و راکیشانی دەزگای ئیعلامی یەکان،راکیشانی زۆرترین پشتیوانی ئەندام پەرلەمان و و ئەحزاب و رێکخراوە پەنابەری و ئینسانی و یەکیتی کرێکاریەکان بەدژی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران و راگرتنی ئەم سیاسەتە،فشار خستنە سەر UNHCR بۆ دەورگیرانیان دژ بەدیپۆرتی بەزۆری پەنابەران.
- بریار درا نامەیەك ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت کە تیا داوا بکرێت وەرگرتنەوەی پەنابەرە دیپۆرت کراوەکان قبول نەکات،ئەو اتفاقیانە هەڵوەشینەوە لەسەر وەرگرتنەوەی پەنابەرانی کورد،فرۆکە خانەی کوردستان نەخرێتە خزمەت ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران.

ئێوارەی رۆژی1-14 (دەشتی جەمال، جاسم غفور،کاروان فەتاح) لەگەل کۆمەلێك لە ئەندامان و بەرپرسیارانی بنکەی هونەرو کەلتووری کوردستان کۆبوونەوە لەسەر هاوکاری وپێویستی یەکانی کۆمەڵگای کوردی لەبواری رۆشنبیری وهونەری بەرو پێشبردنی قسەو باسکرا.

ئەمە چالاکی یە رۆشنبیری و سیاسیانەی فیدراسیۆن بەردەوام دەبیت لەشارەکانی تری بەریتانیا.







IFIR: **PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal, Mobile: 07856032991**
d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk mobile: 07877489626
**or** 07929010257 Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083

**www.csdiraq.com**